*NAVEND -*
*Zentrum für Kurdische Studien e.V.*
*Navend ji bo Lêkolînên Kurdî*
*Center for Kurdish Studies*
*Centre des Etudes Kurdes*

NAVEND

*ناڤەند – ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی*

*Bornheimer Str. 20-22*
*D-53111 Bonn*
*Tel.: +(0) 228/65 29 00*
*Fax: +(0) 228/65 29 09*
*Postanschrift*
*Postfach 74 45*
*D-53074 Bonn*
*e-mail: info@navend.de*
*Internet: www.navend.de*
*Bankverbindung:*
*Sparkasse Bonn*
*(BLZ 380 500 00)*
*NAVEND e.V.*
*Konto-Nr.: 310 206 13*

بۆن لە ٢٠٠٤/٨/١٢

بەرێزان

بەم نوسراوە بانگی بەرێزتان بۆ کۆڕێك دەکەین بە ناونیشانی

**پرۆسەی گۆڕانکاری لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا**

**هەلودەرفەتی سازدانی بینای فیدراڵی و دیموکراسی لە ئێران و ئاسۆی داهاتووی کورد**

کۆڕەکە لە رۆژی شەممەی ٢٠٠٤/٩/٤ ، کاتژمێر ٥ ی ئێوارە تا ٨،٣٠ ی شەو لە
**Haus der Evangelischen Kirche, Adenauerallee 37, 53113 Bonn** بەرێوە دەچێت.

لە چوارچێوەی زنجیرە چالاکیەکانی ((کۆڕی کوردان)) دا لە ٢٠٠٢/١٠/١٢ سەمیناڕێکمان بە ناونیشانی ***بارودۆخی ئێستای کوردستان وچۆنیەتی رێگای چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێراندا*** ئەنجام داو لە ٢٠٠٣/١٠/١٨ یشدا کۆڕێکی دیکەمان سەبارەت بە هەندێ لایەنی کێشەی کوردستانی ئێران بەست.

ئەمجارە دەمانەوێت لەگەڵ د. میرۆ عەلیاری نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە هەڵوێستی حیزبەکەی سەبارەت بە رێگاکانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێراندا ئەخاتەروو، وتووێژ لەسەر ئەنجام و بڕیارەکانی کونگرەی سیانزەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و دەرفەتی کارکردن و بەجێهێنان بکەین.

هەر سەبارەت بە ناونیشانی ئەم کۆڕەمانەوە دوو شارەزای دیکەمان بانگ کردووە، کە پاش یەکەم ووتار بیروبۆچوونی خۆیان دەخەنەروو. بێگومان سەرەرای ئەمەش هەندێ بابەتی دیکەش دەخەینە بەر توێژینەوە، لەوانە: ئاکامەکانی رووخانی رژێمەکەی سەدام حوسێن بۆ ئێران و ئەرك و دەرفەتی کوردی هەندەران. دوابەدوای ئەمەش راستەوخۆ گفتوگۆیەك لە نێوان ووتەبێژانی سەکۆکەو میوانانی کۆڕەکە ئەنجام دەدرێت.

بەم نامەیەش دەمانەوێت بەرێزتان لەوە ئاگاداربکەینەوە، کە کۆڕەکە بە زمانی کوردی دەبەسترێت. لەبەر کاروباری تەکنیکیش تکامان وایە، تا رۆژی <u>٢٠٠٤/٩/١</u> بە فاکس یاخود بە ئیمەیل لە بەشداربوونتان، بە پڕکردنەوەی فۆرمی بەشداربوون بە پیتی لاتینی، ئاگادارمان بکەنەوە.

ئەگەر هەچ پرسیارێکتان بوو، ئەوا دەتوانن راستەوخۆ پەیوەندیمان پێوەبکەین.

بە هیوای کۆڕێکی سەرکەوتوو و بنیاتنەرانە.

لەگەڵ رێزماندا.

مەتین ئینجەسو

**کۆڕی کوردان**

**بانگهێشتن بۆ کۆڕی**

## پرۆسەی گۆڕانکاری لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا

**هەلودەرفەتی سازدانی بینای فیدرالی و دیموکراسی لە ئێران و ئاسۆی داهاتووی کورد**

**لە رۆژی شەممەی ٤/٩/٢٠٠٤ ، کاتژمێر ٥ ی ئێوارە تا ٨،٣٠ ی شەو**
**لە Haus der Evangelischen Kirche, Adenauerallee 37, 53113 Bonn**

**پرۆگرام**

١٧،٠٠ گەیشتنی بەشداربووانی کۆڕ

**١٧،١٥ دەسپێك / بەخێرهانین و چوونە نێوباس**

مەتین ئینجەسو (سەرۆکی ناڤەند)

جەلیل حەسەنپوور (ئەندامی دەستەی بەرێوەبەری ناڤەند)

**١٧،٣٠ کێشەی کورد لە ئێران – رێگاکانی چارەسەرکردن لە روانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. ئەنجام و بڕیارەکانی کونگرەی سیانزەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و دەرفەتی کارکردن و بەجێهێنان.**

هەلومەرجی ئێستا – گۆڕانەکان – هەڵوێستەکان – ئاسۆی داهاتوو

**د. میرۆ عەلیار**، نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

**هەڵوێست و بۆچوون**

**پەروانە قورەیشی** (فرانکفۆرت)

**د. تاهیر حیکمەت** (دۆرتمۆند)

***گفتوگۆ***

٢٠،٣٠ کۆتایی کۆڕو ماڵئاوایی کردن

(کۆرەکە بە زمانی کوردی دەبەسترێت)